عێراق و تورکیاو ئیمارات و قەتەر لە بەغداد یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان واژێکرد

سەرۆک وەزیران محمد شیاع سودانی و سەرۆکی تورکی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان ئەمڕۆ ڕۆژی دووشەممە یاداشتنامەیەکی لێکگەیشتیان سەرپەرشتیکرد لەنێوان وەاتانی عێراق و تورکیاو قەتەرو ئیمارات.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی وەزیران لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە:- سەرۆک وەزیران محمد شیاع سودانی وسەرۆکی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرپەرشتی واژێکردنی لێکگەیشتنێکیان کرد لەنێوان وەاتانی عێراق و تورکیاو قەتەرو ئیمارات بۆئامانجی هاوکاریکردن و هەماهەنگی لە جێبەجێکردنی پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان .

بەیاننامەکە ئاماژەشی بۆکرد کە لەلایەنی عێراقی وەزیری گواستنەوە ڕازاق محەبس و ولەلایەنی تورکی وەزیری گواستنەوە عەبدولقادر ئەمار ئەغلو ولەلایەنی قەتەری وەزیری گەیاندن جاسم سەیف سەلیتی و لەلایەنی ئیماتیش وەزیری وزە سوهەیل محمد مزروعی واژەی لێکگەیشتنەکەیان کرد.

شایانی باسە ئەم پڕۆژەیە گوێو تینی زیاتر بە گەشەی ئابووری دەدات و پەیوەندی ئابووری ئیقلیمی و نێودەوڵەتی گەرم وگوڕتردەکات لەنێوان ڕژهەڵات وڕۆژاوا و ئاسانکاری بە بازرگانی و گواستنەوەی نێودەوڵەتی دەکات.